عەبدولستار ناسر:

ترس فێری نووسینی کردم

و: عبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا

لە بەغداد ناسیم، بەڵام هەتا کۆمەڵە چیرۆکی (بەختەوەرترین پیاو لە دنیا)م نەخوێندەوە نەمزانی لەکام بواری ئیبداعیدا دەنووسێت. هاوڕێمان «سربکۆ لشتارتیش» ئەو کۆمەڵە چیرۆکەی تەرجەمەی زمانی (سربی) کرد، هەر ئەویش ئەو گفتوگۆیەی لە سربییەوە کردۆتە عەرەبی، هەروەها «سربکۆ لشتاتیش» توانیوویەتی تایبەتمەندییەکانی ئەو نووسەرە کەشف بکات، وەک چۆن ئێستا ئەو نووسەرە یەکێکە لە نووسەرە بەناوبانگەکانی عەرەب، لە وڵاتەکەی ئێمەش دوای ئەوەی لە رۆژنامەو گۆڤارەکان بەدیارکەوت، دوای ئەوەی کۆمەڵە چیرۆکێکی بەسەربەخۆیی بەزمانی (سربی) بەچاپ گەیشت، وەک یەکێک لە نووسەرە دیارەکان ناسرا.

*** بابەپێچەوانەی شێوازە باوەکان دەستپێبکەین و بپرسین چۆن بووی بەنووسەر؟ ئەوە لە دنیای عەرەبیدا چۆن دەکەوێتەوە؟ نەوای چیرۆکی یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی یەکەمت چۆن کەوتەوە؟ لەلای خۆم پێم خۆشبوو ئەو پرسیارانەم بەهەرمێنی ئەو کۆمەڵە چیرۆکەو ژمارەی تیراژەکەی پەیوەست بکەم، چونکە رازی بوونی خوێنەرو دنیای رۆشنبیریی گشتی ئاشکرا دەکات.؟**

- ترس فێری نووسینی کردم، من دەمنووسی بۆ ئەوەی نەترسم، رەنگە مەسەلەکە لە منداڵی واکەوتبێتەوە، توندوتیژی باوکم وای لێکردم کە ئەو کاتانەی لە دەفتەرە بچووکەکەم لە بارەیەوە دەمنووسی دوو ئەوەندەی ئەو توندوتیژ بم، هەروەها **توندوتیژی مامۆستای نیشتمانی و بێ رووی ئەو وای لێکردم کە جوانترین جنێو بنووسم، زێتر زمان درێژی بکەم و بەلەزەتتر بیرازێنەوە.**

ئێمە لە دنیایەکی پڕ ترس و توندوتیژی و نەزانی لەدایک بووین، بۆ ئەوەی چێژ لە شتەکان وەرگرین و هێزی خۆمان بنوێنین لەسەرمان پێویست بوو کە زێتر بخوێنینەوەو زێتر بنووسین، ئەوەش زۆربەی خوێنەرانی (نەوەی شەستەکان) دەگرێتەوە، بەڵام چیرۆکی یەکەمم لە کتێبی یەکەممدا (الرغبة في وقت متأخر) (١٩٦٩) سەرەتا بوو، هەموو ئەدیبێکیش سەرەتای هەیە، بەنسبەت من قەلغانێک بوو لەو ترسە گەورەیە دەیپاراستم. کتێب لە وڵاتانی عەرەبیدا تیراژی لە هەزار دانە زێتر تێپەڕ ناکات، بەتایبەتی رۆمان و شیعرو چیرۆکی کورت، بەڵام کتێبی چێشت لێنان و خوێندنەوەی بەخت و یادەوەری سەماکەران، یەک دنیا جەماوەری هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا چیرۆکەکانم خوێنەری خۆیان هەیە، چیرۆکەکانم جورئەتیان تیایە، لە سانسۆرو پۆلیس ناترسن. بۆیە ساڵێکی تەواو لە ژوورێکی ئینفرادی ژێرخان زیندانی کرام، لەسەر چیرۆکێک کە لە ساڵی (١٩٧٥) بەناونیشانی (سیدنا الخلیفة) لە دیمەشق بڵاوم کردەوە.

*** جارێک (یوسف برۆدسکی) وەک زەرورەتێک لە پێناو رابوونەوەی نەوەی نوێ و تێکۆشان لە پێناو ئازادیدا گوتی: من هیوای خۆم لە ئازادی بڵاوکردنەوەدا دەبینمەوە، بەڵام ئەو ئازادییەی کە کەوتۆتە دەستی نەوەی دووەم بەقەد ئەوەی بەهایەکی بۆماوەییە، هێندە لە تاکەکەسدا خۆی**

نابینێتەوە، من مەبەستم ئەوەیە کە گەلێک لە کتێبەکانت قەدەغە کراوو رێگا پێنەدراو بوون، ئایا مانای ئەو قەدەغە کردنە چییە، لە وڵاتی عەرەبی چ وێنەیەکی کردەیی لە خۆ گرتووە؟ رۆژێک گوتم قەدەغەکراوەکانی نووسین و ژیان لەتۆ جێگیر نابێ، بەڵکو لە ئەوانی دیکەدا جێگیر دەبێ. هەروەها جارێکی دیکە گوتم «جوانترین شت خەڵەتاندنی سانسۆرە» هەر بەمجۆرە لە ناوەڕاستی حەفتاکان کەوتیتە ناو زیندانەوە؟

- **دەبێ هەمیشە ئەوەمان لەبیر بێ کە ئازادی نادرێ، بەڵکو دەسەنرێ**، لە وڵاتێکی داپلۆسراوی وەک عێراق زۆرگرانە، بەڵکو مەحاڵە بتوانێ وشەی حەق دەربارەی دیکتاتۆرو خوێن رێژو تاکە حیزبی کەڵەگا بنووسی و بلێی زۆریان لەداهێنەرانمان کوشت چونکە خاوەن فیکر بوون، وەک چۆن هەزاران ئەدیب و نووسەر بەرەو کەنەداو سویدو نیوزیلەندا و ئوستراليا رایانکردو خۆیان لە بێگاری و ئازاردان رزگارکرد. ئێمەش لە ناوەوەی وڵات فیکری خۆمان لە شێوەی رەمزو ئەفسانە دەردەبڕی. تاکو پیاوانی سانسۆر دەسخەڕۆ بکەین، پێش روخانی رژێمی بۆگەن لە ٩ نیسانی ٢٠٠٣ کارەکانی من لە ناوەوەی عێراق قەدەغە بوو، بەڵام بەشێوەیەکی نهێنی و لە رێگەی کۆپی کردنەوە کۆمەڵێکی باش لە خوێنەرو ئەدیبان بەرهەمەکانی منیان بەردەست دەکەوت.

هەتا ئێستا من پێموایە ئازادی بیروڕاو بڵاوکردنەوە، تەواوی ئازادییەکان لەخۆ دەگرێ، حەقیقەت داپەروەرییە، **ئەگەر فەرمانڕەوایەک لە وشەی حەقیقەت سڵ نەکانەوە، یان فەرمانڕەوایەک هەر لەسەر کاغەز سڵی لێ بکاتەوە واتە نە داپەروەری لە ئارادایەو نە یاسا**، بەڵام بە نسبەت ئازادی بڵاوکردنەوەو سانسۆر لە نیشتمانی عەرەبیدا لە وڵاتێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێ، لێرەدا جیاوازییەکی گەورە لە نێوان (بەیروت) و (ریاز) هەیە، وەک چۆن جیاوازیش لە نێوان (قاهیرە)و (تەرابلس) هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سانسۆر لە وڵاتی عەرەبیدا هەتا ئێستاش کتێب تێکدەشکێنێ. ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە **فەرمانڕەوا لە وڵاتانی عەرەبیدا لە رێگەی هەڵبژاردنێکی شەرعییەوە دەسەڵات ناگرێتە دەست، بەڵکو بەهێزی گوللە لاقەی دەسەڵات دەکات. ئەوەی بەهێزی گوللەش بێ، تەنها بەهێزی گوللە نەبێ دانابەزێ.**

*** زۆربەی خوێنەرانی چیرۆکەکانی تۆ گەنجن، دەڵێن وەک چۆن سوقرات لەکاتی خۆی گەنجەکانی بەرەو بەدکاری برد، تۆش بەهەمان شێوە، ئایا ئەو قسەیە تەنها بەدەوری ئەخلاقی عەرەبیدا دەخولێتەوە، یان لە دەوری یاخی بوونی جاویدانەی مرۆڤایەتیدایە؟**

- پێشتر، بەر لە بیست ساڵ، چیرۆکی سێکسیم دەنووسی، لە بارەی پەیوەندییە حەرامەکانەوە دەمنووسی، لە بارەی خۆشەویستیەکی وروژاوو بێ سنور، وەک چۆن لە بارەی لادانە سیکسییەکان (هۆمۆسیکوال) دەمنووسی، هەروەها لە بارەی چێژی سێکسی رێگا پێنەدراو، ئەوانە لە کۆمەڵە چیرۆکی (السفر الى الحب) و (نساء من مطر) کە لە بەغداد چاپکراو هەروەها لە (الحب رميا بالرصاص)و (مطر تحت الشمس) کە لە قاهیرە بڵاوکرایەوە بەدەرکەوت، بەڕاستی خوێنەرانی من گەنج و تازە پێگەییوەکان بوون، بەڵام پیرەکانیش بەنهێنی لە چیرۆکەکانم دەگەڕان، هەروەها ئافرەتان لەوێ چێژی ونبوویان بەدەست دەهێنا، ئەو چێژەی کە بەشێوە فەرمییەکەی قەدەغە کراوبوو، لە زەمەنێک لە زەمەنەکان وابزانم بەرەو خراپەکاریم بردن، وەک چۆن (سوقرات)

قوتابییەکانی بەرەو خراپەکاری برد. لەراستیدا کاتێک من ئەو چیرۆکانەم دەنووسی گاڵتەم بە پەروەردە هەڵەکان و ئەخلاقە تۆخەکان دەبرد کە لەنێو خێزانی عەرەبیدا پەیڕەو دەکرا، چونکە کاتێک منداڵەکان گەورە دەبن و ئەوەی کە لە دایک و باوک وە بەرگوێیان کەوتبوو ساختەبوو، ئیتر ئەو پەندو ئامۆژگارییانە بۆ خۆیان دەبنە کارەسات.

بەڕاستی پێت دەڵێم ئاواتەخوازم کە بۆ ئەو جۆرە چیرۆکانە بگەڕێمەوە، بەڵام تەمەنم ڕێگام پێ نادات بەمجۆرە یاخی بم و لە (ئەخلاقە بەرزە) ساختەیەکە دەربچم کە هەر لە منداڵییەوە ژەهرەکەیان نۆش کردووە.

*** لە نێوان نووسەرو کۆمەڵگادا کەلێنێکی گەورە هەیە، لە نێوان ئەو دوو سەربازگەیەدا دژبوونەوەیەکی توند لە ئارادایە، ئاشتی تیا بەدی ناکرێ، ئەمڕۆ ئەو کەلێنە لە پێشان بەفرەوانترو قووڵترە ئاگر لە نێوانیاندا هەڵدەستێ، بەمجۆرە هەستدەکەین، توونێلێکی ڕەش لەو نێوانە ئامادەیە هەموو شتێک هەڵبلوشێ، واپێدەچێ هەموو ڕێکەوتن و ئاشتیەک لەم نێوانەدا تەمەنی کورت بێ، وەک ئەوەی پێویستیان بەیەکتر نەبێ، ڕۆژێ لە پێش کۆمەڵە برادەرێک لە عێراق گوتم: ئێمە هەموومان کۆمەڵە منداڵێکی بێ دایک باوکین.**

– من تەنها لەوە لەگەڵ تۆ جیاوازم کە پێموایە نووسەر یەک بۆ جۆرنین، یان لە هەموو شوێنێ لەیەک ناچن، هەندێ کۆمەڵگا هەیە لە پێناو ئەدیبێکی زیندانی کراو، یان تاراوگە کراو لە بەرامبەر فەرمانڕەواکانیان خۆیان لە سەنگەر ناوە. ئەگەر وەک دەڵێیت لێرەدا ئەگەر کەلێنێکی قووڵ لە نێوان کۆمەڵگاو نووسەردا هەبێ، چ وا لە نووسەر دەکات بنووسێت، ئەگەر هەست بکات کۆمەڵگا لە دژی ئەوە، ئایا لە پێناو ئەواندا ئیبداع دەکات، باشە با ئێمە «گاربیل گارسیا مارکیز» و «ماریو بارگاس یوسا»و «ئیفواندرتیش» وەرگرین ئایا هیچ کەلێنێک لە نێوان ئەوان و کۆمەڵگاکەیاندا دەبینی؟ دەشێ من وەک پێویست لە پرسیارەکەت نەگەیشتبم. **ڕاستە ئێمە ئەدیبی نەوەی شەستەکان کۆمەڵێک منداڵی بێ دایک و باوکین، هیچ شتێک لە نەوەی پێشووی خۆمان فێرنەبووین، بۆیە باوکێکمان لە پاریس کڕی، دایکێک لە شیلی،** لە نێوانساڵێک و ساڵێکی دیکەدا لە دبلن گوێ بۆ باوکێکی دیکەو لە ئەمریکا بۆ دایکێکی دیکە رادەگرین. لەدووتوێی قسەکاندا دەمویست بڵێم ئەگەر باوکێکی باشت نەبوو پێویستە بەدوای باوکێکی گونجاودا بگەڕێیت.

*** تکایە لەسەر بەغدادیەکەی خۆت شتێک بڵێ: بەو سیفەتەی کە وەک بابەتی بەردەوامی تۆیە، تۆ لەو شارەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان پایتەختی هەموو دنیابووە چۆن ژیاوی، مەبەستم لە ژیان و ئەو هەموو جیاکارییانەیە کە لە نووسینەکاندا بەرجەستەی دەکەیت، ئایا هاوڕێیەتی لەوێدا چۆن بووە؟**

– وەک بزانم پێش سەدان ساڵ بەغدا وەک پایتەختی هەموو دنیا نەبووە، بەڵکو بەدەیان جار لە پشتەوە خەنجەریان لێوەشاندووە، خوێنی پاکیان بەسەر شەقام و کەنیسە و مزگەوت و قوتابخانەو کەنارەکانی دیجلەو فوراتدا رشتووە، بەڵام لەگەڵ هەنگاوانی مێژوو هەر خۆی برینەکەی خۆی تیمار کردووە، پاشان وەک سیمرغێکی سەربەرز، وەک دارخورما سەربەرزەکان گەڕاوەتەوە، ئێستا بۆ پێنج ساڵ دەبێ بەغدابییەکەی خۆم نەدیووە، بەڵام هەموو شەوێ خەونی پێوە دەبینم، وەک چۆن

له په‌نجاو شه‌سته‌كان دیوومه هه‌روا دێته خه‌ونم، به‌كراسێكی بوكێنی جاویدانی ده‌له‌رێته‌وه، په‌له‌یه‌ک له خوێنی وشكهه‌ڵاتوو به‌سه‌ر لایه‌كی كراسه‌كه‌یه‌وه ده‌بینم.
من زۆرم له‌سه‌ر نووسیووه، چیرۆكه‌كانم به‌رئه‌و ده‌كه‌ون. له‌و بڕوایه‌دام له كۆتایی ئه‌وساڵ بیبینمه‌وه‌و هه‌ندێ له‌و قه‌وزانه‌ی كه پێوه‌ی ئالاون بشۆم، هه‌ندێ له‌و ساچمانه‌ی كه دوژمن ئاراسته‌ی كردوون لێی بكه‌مه‌وه، هه‌تا ئه‌گه‌ر هه‌ر گوناهێكم به‌حه‌قی ئه‌و كردبێ خوا له گوناحه‌كانم خۆش بێ ئه‌گه‌رچی هه‌رگیز من به‌و گوناهانه ناگه‌م.
*** به‌نسبه‌ت ژیانی ڕۆژانه و كاروباری ڕۆژانه، دێته‌وه بیرم كه جارێک گوتت: «قومارو مه‌ی و ئافره‌ت» هه‌موو ژیانی عه‌بدولستار ناسر بوو. ئه‌گه‌ر وابێ، كه‌واته كه گه‌وره‌ش ده‌بێ ده‌ست له به‌شێک له‌و شتانه ده‌دات، كه له كاتی خۆی چێژی لێوه‌رگرتووه، ئایا تۆ وای نابینی؟**
– قومارو مه‌ی و ئافره‌ت ناونیشانی ژیانم بوون، ده‌مه‌وێ بڵێم كه پێش زه‌مانێک، زمانی گه‌نجێتی و تافی لاوی و جوانی ناونیشانی ژیانم بوون، من به‌مجۆره له نێوان لێوه ته‌ڕه‌كان و هۆڵه‌كانی ڕۆلیت و سه‌رخۆشی پیاڵه‌دا خۆم دابه‌ش ده‌كرد، تامی هه‌نارم له‌كاتی خۆی ده‌كرد، كه له‌سه‌ر دار ده‌رده‌كه‌وت، راوی ئاسكم له پایزان ده‌كرد، ئه‌گه‌رچی ئاسک هه‌ر ته‌نها له به‌هار ده‌رده‌كه‌وێت، من ناوی خۆم له‌سه‌ر لمی كه‌نار ده‌ریاكانی خۆرهه‌ڵات و خۆرئاوا ده‌نووسی، له‌گه‌ڵ هه‌موو ئه‌و گه‌رده‌لوول و شه‌پۆلانه‌ش كه‌چی ناوی من له یاده‌وه‌ری ئه‌سكه‌نده‌رییه و نابولی و مارسیلیاو له‌شبونه و به‌رشلۆنه و به‌سره‌و به‌یروت هه‌ر به هه‌ڵكه‌ندراوی ماوه‌ته‌وه.
سه‌یره هه‌زاران ساڵ به‌سه‌ر ژیانمدا گوزه‌ری كردووه، من ڕۆژانێک ئافره‌ت و مه‌ی خواردنه‌وه‌و قومار ته‌واوی ژیانم بوو، ئه‌وه‌ی كه له هه‌مووان زێتر جێگای سه‌رسوڕمانه ئه‌وه‌یه كه مه‌ی ده‌مێنێته‌وه‌و قومار ده‌مێنێته‌وه‌و ئافره‌ت هه‌ر ناونیشانی ژیانمه، به‌ڵام ئه‌وه‌ی كه ون ده‌بێ و نامێنێ، واته ئه‌و بزۆته پرشنگداره‌ی كه له‌و سێ چه‌پكه گوڵه ده‌مێنێ مانای «تێرمردن بوون»ه، «من تێر مردن بووم»ه.
*** نامۆبوون... بابۆ ئه‌و پرسیاره بگه‌ڕێینه‌وه كه سه‌ره‌تا خستمانه‌ڕوو، كه ده‌وڵه‌تێک هه‌ر ته‌نها وه‌ک ره‌عیه‌ت سه‌یری تاكه‌كانی خۆی ده‌كات، یان له كۆیله زێتر نایانبینێ، ئیتر له‌لایه‌ک به‌خته‌وه‌ریت كه له ساڵی ١٩٩٩ ئه‌م وڵاته به‌جێ ده‌هێڵی، له‌لایه‌كی دیكه‌ش، كه ره‌نگه له یه‌كه‌میان گرنگتر بێ ئه‌وه‌یه كه له‌به‌دختیه شوێنی له دایكبوون و زمان و زاراوه‌ی خۆت كه زمانی دایكته به‌جێ بهێڵی. ئایا ئه‌وه‌ی كه زۆر تاسه‌ی ده‌كه‌یت زمانه، یان شاره یان هاوڕێكانت... هتد؟**
– من دوای ئه‌وه‌ی براكه‌م و برازاكه‌م هه‌ریه‌ک پێنج گولله‌یان ئاراسته‌ی سه‌ریان كراوو به‌راشكاویش حكومه‌ت پاره‌ی گولله‌كانی لێوه‌رگرتین، ئیتر له‌و ڕۆژه‌وه ئێمه به‌نسبه‌ت ئه‌و خوێنرێژانه، گه‌ل نه‌بووین، ئێمه كۆیله‌ی ئه‌و سیسته‌مه گۆڕبه‌گۆڕه‌بووین. من له‌و بڕوایه‌دام كه به‌ڕاستی ئه‌و ڕۆژه‌ی له ده‌ستیان رزگارم بوو به‌خته‌وه‌ر بووم ئه‌وه‌ش بۆ ئێوه ده‌گه‌ڕێته‌وه به‌تایبه‌تی هاوڕێ «سربكولشتارتیش» له‌وكاته‌دا داوه‌تنامه‌یه‌كی بۆ ره‌وانه كردم بۆ ئه‌وه‌ی له كۆنگره‌یه‌كی ئه‌ده‌بی به‌شداری بكه‌م به‌ڕاستی ئه‌و داوه‌تنامه‌یه له كاتێكی زۆر گونجاو بۆم هات.

بەڵام بەنسبەت ئەو زمانەی کە لە دەستم دا، وەک لە پرسیارەکەدا هاتووە ئێستا من لە وڵاتێکی دیکەی عەرەبیدام، زمان هەریەک زمانە بەڵام تەنها ئەو تاسەیەم دەمێنێتەوە کە بە بەغداو بەسرەو هاوڕێکانم دەمبەستێتەوە تاسەی شەقامی موتەنەبی و مەیخانەکانی بەغداد دەکەم.

*** هەندێ لە کتێبەکانت لەگەڵ خێزانەکەت «هەدیە حسین» بەیەکەوە نووسیووتە، ئەویش چیرۆکی جوان دەنووسی، دەمەوێ بپرسم لەبەهرەی تۆو ئەودا جوتبوونێک هەیە، ئایا مەسەلەی نووسین بە «دووقەڵەم» تەنها مەسەلەیەکی تەکنیکییە، یان شتێکی دیکەی وەک دوانەی پێک گۆڕینەوەویەکتر تەواوکردن و وەرگرتن و بەخشینی نێوان دوو عاشقی کوڕو کچ لە ئارادایە. رەنگە ئەوە شێوازێکی قووڵ بێ لە یەکتر دواندن و پێکەوە ئاخافتن، یان داواکردن حەقیقەت بێ لە نێوان ژن و مێردێک کە هەمیشە تاسەی یەکتر دەکەن.**

- من کارێکی هاوبەشم لەگەڵ خێزانەکەم «هەدیە حسین»دا نەکردووە من چ لە سروشتی نووسین و چ لە ناوەڕۆکدا لەو ناوچم. ئەو بۆ خۆی نووسەرێکی کارامەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رۆژێک لە رۆژان ئەو دوو قەڵەمە بەیەکەوە شتێکی هاوبەشیان نەنووسیوە، رەنگە لە داهاتوودا ئەو کارە ئەنجام بدەین.

*** پانتاییەکی ئەدەبی فرۆشاو وروژاوو نیمچە ئاشکرا لە شەقامی هارونە رەشید و قاوەخانەی حەسەن عەجەمی لە بەغدا هەیە، رەنگە ئەو پانتاییە لە هیچ شوێنێکی ئەوروپا، لەتەواوی دنیادا نەبێ، لەوێ لەو پانتاییە ئەزموونگەرایە خوێندنەوەی قەسیدەو چیرۆک و بەشێک لە رومان بەشێوەی کۆد بەڕێوە دەچێ، ئامانجی ئەو شەونخوونییە وەک وەرگێڕو رۆژهەڵاتناس (سربکۆ) تەعبیری لێ دەکات «بەشێوەیەک لە شێوەکان روونکردنەوەی تروسکە سیاسییەکانە، وەک ئەوەی رێکەوتنێک لە ژێرەوە لە نێوان پیاوانی سانسۆڕو نووسەردا هەبێ، تاکو ئەو تروسکاییانە بچنە دەرەوەی ماڵ و بازاڕ، وەک نوکتەیەکی سەرکەوتوو مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.**

- دەڵێم بەداخەوە قاوەخانەی (حەسەن عەجەمی) ئیتر تەواو بوو، هیچ ئەدیبێک دوای روخانی رژێم ئێستا لەوێ دانانیشێ، ئەدیبەکان شوێنێکی دیکەیان هەڵبژاردووە، ئەویش قاوەخانەی «شا بەندەر» و دەکەوێتە خاڵی بەیەکگەیشتنی بازاڕی سەراو شەقامی موتەنەبی، ئەوێ بازاڕێکی بەناوبانگی کۆنە کتێب فرۆشتنە.

بەڵام قاوەخانەی حەسەن عەجەمی هەتا ئێستا لە یادەوەری داهێنەراندا هەرماوە، پانتاییەکی حەقیقی گفتوگۆکردن و دەمەتەقێ و کەشفکردنی نهێنییەکان و دروستکردنی نوکتەی سیاسی بریندارکەر بوو، بەڵام ئەمڕۆ شتەکان گۆڕانیان بەسەرداهاتووە، دوای رووخانی رژێم و رەشبوونەوەی ئەو کابوسە ترسێنەرە هەندێک شت یادکردەوەیان ترس دەخاتە دڵ، بەڵام لە قاوەخانەی شابەندەر هەتا ئێستاش گفتوگۆ کردن لەسەر ئەو کتێبانەی کە بەم دواییە لە جیهان دەردەچێ هەر بەردەوامە.

بەم دواییە پێش چەند رۆژێک لە بارەی کتێبەکەم «بەختەوەرترین پیاوی دنیا» کە «سربکو لشتارتیش) تەرجەمەی زمانی (سربی) کردووە ئاگادارم کردنەوە، هەڵبەتە ناتوانن زمانی (سربی) بخوێننەوە، بەڵام من حەزم کرد لە بارەی ئەوەی کە لەمندا روویداوە پێیان رابگەیەنم.

*** کورتە چیرۆک لە دنیای رۆژئاوادا فۆرمەکەی گۆڕاوە، ئێستا وەک رەگەزێکی ئەدەبی و**

دیاردەیەکی رۆشنبیری وێنەیەکی خێرا بەدەستەوە دەدات، «وێنەیەک کە خێرا دەردەچێ». هەموو رۆشنبیرێک ئەوانەی کە توانای جوان نووسینیشان نییە دەتوانن بینووسن و بڵاوی بکەنەوە، لەژێر ئەو رۆشناییە ئەگەر چیرۆکی عەرەبی هەتا ئێستا بەشێوە باوەکەی نموونەی کۆن دووبارە بکاتەوە تۆ چی دەڵێیت، ئایا فاکتەرە پیشەیی و شارەزایی و کارزانی لە شێوازو نووسین چیی لێ ماوەتەوە، ئایا ئەو جیاوازی و لەیەکچوونەی کە لە نێوان نموونەی ئەدەبی و ئەوەی کە بەتەقلیدی خۆرئاوایی ناوزەد دەکرێ و ئەوەی کە بەکەلەپووری خۆرهەڵاتی ناودەنرێ لە چیدایە؟

ئایا ئەو رەگە هاوبەشەی کە یەکیان دەخات. وەک مێژوونووسان دەڵێن ئەو رەگەیە کە خۆی لە حیکایەتی شەعبی کەلەپووردا حەشارداوە و بەشێوەی حیکایەتی خورافی و چیرۆکی ئاژەڵان و حیکایەتی فوکاهی دەردەکەوێت؟

– لە دنیای عەرەبیدا کورتە چیرۆک تەواو بەو شێوەیە گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، بەڵام مۆدێلێک هاتە ناوەوە ناوی چیرۆکی زۆر کورت بوو، یان کورتیلە چیرۆک، بۆ خۆی یارییەکی جوان و تەڕبوو لە دێرو وشەی کورت پێکهاتبوو، بەخێرایی تێدەپەڕی، بەخێرایش خوێنەر لە بیری دەکرد، من بۆ خۆم پێشتر چیرۆکی لەو رەنگەم دەنووسی، بەڵام زۆر بەراشکاوییەوە هیچ گرنگیەک لەو جۆرە نووسینەدا نابینم وەک (جان پول سارتەر فەیلەسوفی فەرەنسی) لە بارەی کورتە چیرۆکەوە دەڵێ کورتە چیرۆک وەک قورسترین هونەری نووسین دەمێنێتەوە. لە نموونەکانی پێشووشدا وەک پیشەو کارزانیەک دەردەکەوێت کە تەنها دروستکەری کارامە دەیناسێ، بەڵام چیرۆکی (گوزەرکەری خێرا) ئامانج ناپێکێ لە زۆربەی جاردا گوللەکەی لە جۆری موختار کوژدایە.

تێبینی:

ئەو گفتوگۆیە (بتیار تشتیکوفیج)ی سەرنووسەری رۆژنامەی ئەدەبی کە بەزمانی یوگسلافی سربی دەردەچێ لەگەڵ عەبدولستار ناسردا سازی داوە. خۆرهەڵاتناس (سربکۆلشتارتیش) کە کتێبیکی ئەوی لە (٤٤) چیرۆکی کورت تەرجەمەی زمانی سربی کردووەو لەگەڵ لێکۆڵینەوەیەکی بەرفرەوان کە بەقەڵەمی خۆی نووسیوویەتی بڵاوی کردۆتەوە، ناونیشانی کتێبەکە (بەختەوەرترین پیاوی دنیا)یە، پێش ماوەیەک لەو بارەوە رۆژنامەی (الزمان) هەواڵێکی بڵاوکردەوە، ئەوەی سەرەوە دەقی چاوپێکەوتنەکەیە.

سەرچاوە: رۆژنامەی (الزمان) ژمارە (١٨٩٨ / ٢٠٠٤/٨/٢٨ ل١١ ئەلف یا.